





# وتەی ئەمجارەمان

منداڵە خۆشەویستەکان!

هاوڕێیانی هەمیشەیی دنیای منداڵان ئەم کاتەتان باش. خوێنەرانی ئازیزی دنیای منداڵان!

ئەم ژمارەیەی لەبەر دەستتان دایە ژمارە ١٠٠ ی (دنیای منداڵان)ە واتا (دنیای منداڵان) بە هاوکاری و پشتیوانی ئێوە منداڵە چاوگەشەکان و ژمارەیەکی بەرچاو لە منداڵانی دوێنێ، توانرا سەدەمین ژمارەی بکەوێتە بەر دیدی خوێنەران و لایەنگرانی.

منداڵە ئازیزەکان!

بێگومان لە یەکەم ژمارەی (دنیای منداڵان)ەوە تاکو ئێستا کەسانێکی زۆر دڵسۆزانە بۆ (دنیای منداڵان) زەحمەتیان کێشاوە و لە گەڵی ماندوو بوون. لێرە دا لە بەر کەمی جێگا ناتوانین ناوی تەک تەکی ئەو خۆشەویستانە بێنین، لەمبارەوە داوای لێبوردنیان لێ دەکەین، بەڵام ئێمە بەبۆنەی دەرچوونی سەدەمین ژمارەی(دنیای منداڵان) دەستی ماندوویان دەگووشین و سپاسیان دەکەین، هەر لێرەشەوە وەکو هەموو کاتەکانی پێشوو دیسان داوای هاوکارییان لێ دەکەین و هیواداریین کە هەمووتان (دنیای منداڵان) بە هی خۆتان بزانن و بۆ ئەوەی (دنیای منداڵان) بەردەوام بێت و تەمەنی بۆ چەندین ساڵ و سەدان ژمارەی دیکە درێژ بێتەوە هاوکاریمان بکەن. هەر وەک پێشوو بگرە بەگوڕتر لە جاران شێعر، چیرۆک، بابەتی زانستی، وێنە و نەقاشییان بۆ بنێرن.

جارێکی دیکەش دەرچوونی سەدەمین ژمارەی (دنیای منداڵان) بە هەموو لایەک پیرۆزبایی دەڵێین.




گەورە دەرهێنەر و سینەماکاری کورد بەهمەن قوبادی لەساڵی١٣٤٨ی هەتاوی لەشاری بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە، قوبادی لەسەرەتای منداڵی یەوە تا١٢ساڵی ژیانی لەشاری بانە بردۆتەسەر و پاشان بنەماڵەکەی بەهۆی شەری عێراق و ئێرانەوە بۆ شاری سنە کۆچ دەکەن و لەوێ دەگیرسێنەوە.

بەهمەن قوبادی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی لەشاری سنە تەواو دەکات و ساڵی ١٣٧١لە بەشی سینەما لە کۆلێژی دەنگ و رەنگی (صداوسیما)زانکۆی تاران وەردەگیرێت.بەڵام پاش دوو سێ ساڵ زانکۆ بە جێ دێڵێت و خوێندنەکەی بە ناتەواوی دەمێنێتەوە.

بەهمەن قوبادی لە دوایین ساڵەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی دەست بە کاری وێنەگری دەکات و پاش چەند ساڵ وێنەگری روو لە بەرهەم هێنانی کورتە فیلم دەکات. کورتە فیلمەکانی بەهمەن قوبادی لە نیوەڕاستەکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی دەچنە سەر پەردەی سینەما و سەرنجی هەمووان بۆ لای خۆیان رادەکێشن و خەڵاتی زۆر بۆ قوبادی د ە ستە بە ر د ە کە ن . بە بەرهەم هێنانی فیلمی ژیان لە تەم و مژدا قوبادی تواناکانی خۆی لە بەرهەم هێنانی فیلم نیشان دەداو ئەم فیلمە گەلێک خەڵاتی نێو نەتەوەیی و ناخویی ئێران بۆ دەرهێنەر مسۆگەر دەکات و ناونیشانی پڕ شانازیترین «دێکۆمێنتی» مێژووی سینەمای ئێرانی پێ دەبەخشرێت. بە دوای ئەم فیلمەدا بەهمەن قوبادی بە شێوەی پرۆفشناڵ( حرفەیی) دێتە ناو جیهانی سینەما، پاشان لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی فیلمی کاتێک بۆ مەستی ئەسپەکان بەرهەم دەهێنێت کە ئەم فیلمەش زۆر خەڵاتی نێونەتەوەیی و نێوخۆیی ئێرانی لە بواری سینەمادا بۆ قوبادی دەستەبەر کرد. فیلمی کاتێک بۆ مەستی ئەسپەکان یەکەمین فیلمی دێکۆمێنتی بە زمانی کوردییە لە مێژ و و ی




سینەمای ئێران دا. پاش ئەم فیلمەش قوبادی لە ساڵی ١٣٨١ فیلمی گۆرانییەکانی وڵاتی دایکمی بەرهەم هێناو بە دوای ئەم فیلمەش دا لە ساڵی ١٣٨٢ فیلمی کیسەڵەکانیش دەفڕن ی بەرهەم دێنێ کە ئەم فیلمەش گەلێک خەڵاتی بواری سینەمای بۆ قوبادی دەستەبەر کرد بە دوای ئەم فیلمەش دا فیلمەکانی نیوەی مانگ، کەس لە پشیلە ئێرانییەکان ئاگادار نییەی بەرهەم هێنا. ئێستاش بەهمەن قوبادی وەک یەکێک لە بە تواناترین درهێنەرانی سینەما درێژە بە کارەکانی دەدات.

**ئا: فەرشید محەممەدی**













# قسەی خۆش بۆ پێکەنین

کابرایەک دەستی دەشکێت، دەچێتە نەخۆشخانە دوکتور پێی ئەڵێت: بە ١٠٠٠٠هەزار بۆت دەگرمە گەچ.
کابراش ئەڵێ: بۆم ناگرێتە قور بە ٥٠٠٠ هەزار.

***

قۆتابی: خوایە کارێک بکەیت مۆسکۆ بکەیتە پێتەختی ئیسپانیا،
باوک: کورم ئەو پاڕانەوەت بۆ چییە؟
قوتابی: ئاخر لە تاقیکردنەوەدا وام نووسیوە.

***

باخەوان: کورە ئەوە چی دەکەیت لە سەر ئەو دار هەنارە؟
دەبێ بچم شکاتی باوکت لێ بکەم..!
کوڕ: ئەوەتا باوکیشم لە سەر دار گوێزەکەیە.

***

بە پیاوێک دەڵێن راستە تۆ لە سەر بەسیت ترین شت تەڵاق دەخۆی؟
پیاوەکەش دەڵێت: نە بە تەڵاقم وانییە.

***

کابرایەک کاتژمێرەکەی ئیشی نەدەکرد، پشتەکەی کردەوە
دیتی مێروولەیەکی تێدا مردووە...
گوتی: ئەها ئێستا زانیم ئەوە شۆفیرەکەیەتی مردووە بۆیە ئیش ناکات.

# فێربوونی زمانی کوردی

منداڵە خۆشەویستەکان، ئاوەڵە ئازیزەکانی خۆم سڵاو چۆنن؟ باشن؟
ئەرێ منداڵە جوانەکان، ئێوە چوونەتە مەدرەسە؟ دەزانم هەمووتان نەچوونەتە مەدرەسە، چونکە هەمووتان وەختتان نەهاتووەو هێشتا ماوتانە. بەڵام قەیناکا وەرن با بۆخۆمان دوو قسەی منداڵانە بکەین.
لە پێشدا بۆ ئەو منداڵانەی ئێستا لە مەدرەسە دەخوێنن، دواییش قسە لەگەڵ ئەوانە دەکەین کە دواتر دەچنە مەدرەسە...
ئێوە بە چ زمانێک دەرس دەخوێنن؟
بە عەرەبی؟
نا، نا، خۆ ئێوە عەرەبی نازانن. عەرەبی زمانی ئێوە نییە.
ئەدی بە تورکی؟
نا، بە تورکیش ناخوێنن...
ئەدی بە فارسی؟
جا بۆ بە فارسی؟ خۆ ئێوە فارس نین. ئێوە کوردن. بۆ بەو زمانە ناخوێنن کە لە ماڵێ لەگەڵ دایکتان قسەی پێ دەکەن؟
ئەمن ئێستا بە کوردی قسەتان بۆ دەکەم. هەر بەو زمانەی کە ئێوە لەگەڵ دایکتان قسەی پێ دەکەن. زمانی کوردی. ئەگەر ئێستا من ئەم قسانەم بە عەرەبی یان بە تورکی یان بە فارسی بۆ ئێوە کردبا، ئێوە ئاوا بە جوانی نەتاندەزانی چیتان بۆ دەڵێم. وا نییە؟
کەواتە وەرن با پێکەوە کوردی فێر بین. کوردی لە هەنگوین شیرینترە.
وەرن با کوردی فێر بین
کوردی هەنگوینە هەنگوین
«منداڵە خۆشەویستەکان لە ژمارەکانی داهاتوی دنیای منداڵان دا لە هەر ژمارەیەک دا لە سەر پیتێکی کوردی دەنوسین، ئێوە دەربارەی پیتەکانی کوردی چی دەزانن بۆمان بنوسن».

ڕەسول سوڵتانی

## ئەلف و بێ




ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا.
www.Kurdistanukurd.com
سەرنووسەر: عوسمان بێورانی * دەستەی نووسەران: هانا وریا، باران، تریفە سادقی *
مۆنتاژو دیزاین: مینا سوڵتانزادە
mndalanykurd@yahoo.com
دنیای منداڵان

# دارتاش

دارتاشێکی پیر کە ساڵانێکی زۆر بوو کاری دەکردو زەحمەتی دەکێشا، ئێستا پێویستی بە حەسانەوە بوو، رۆژێک لای وەستاکارەکەی باسی کرد کە دەیهەوێ خۆی خانەنشین بکا چونکە زۆر ماندوو بووەو پێویستی بە حەسانەوەیە. بەڵام وەستاکەی زۆری پێ ناخۆش بووو هەوڵی دا کە پەشیمانی بکاتەوە، بەڵام دارتاشی پیر تازە بڕیاری خۆی دابوو .

لە کۆتایی دا وەستا بە نارەحەتیەوە داواکاریەکەی قەبووڵ کرد، بەڵام پێی گوت: کە داواکارییەکی هەیە کە دەبێ بۆی جێبەجێ بکا ئەویش ئەوە بوو کە وەک دوا کاری دەبێ سازکردنی خانوویەک وەئەستۆی خۆی بگرێ.



هەرچەندە دارتاش ئەو کارەی پێ خۆش نەبوو بەڵام بە ناچاری قەبووڵی کرد، لەبەر ئەوەی کارەکە بە ویستی خۆی نەبوو، دەیەویست زوو کارەکە تەواو بکا، کەرەستەی زۆر خراپی بۆ سازکردنی خانووەکە کڕی و بەپەلە دەست بەکار بوو، لە ماوەیەکی کەمدا کاری خانوەکەی تەواو کردو وەستاکەی ئاگادار کردەوە. وەستاکارەکەشی بۆ وەرگرتنی کلیلی خانووەکە چوو بۆ لای دارتاش، کاتێک دارتاشی پیر ویستی کلیلی خانووەکە بداتەوە بە وەستاکەی لێ وەرنەگرتوو و کلیلەکەی داوە بەخۆی و پێی گوت: کە ئەو خانووە دیاری منە بۆ تۆ بە خاتری ئەوەی کە ساڵانێکی زۆرە هاوکاری من دەکەی.

دارتاش سەری سووڕمابوو زۆر شەرمەزار بووە. ئەگەر زانیبای بۆخۆی قەرارە لەو خانووە دا بژی کەرەستەی باشتری بۆ دەکڕی و تەواوی هێزو توانای خۆی وەکار دەخست تا خانوەکە بە شێوەیەکی باشتر ساز بکا.

و: پەیام

## بە دڵی خۆتان بمرەنگێنن







# خوێ

منداڵە خۆشەویستەکان:

دەزانن کە نزیک بە ٥ هەزار ساڵە خوێ وەک بەشێکی سەرەکی لە خۆراکی مرۆڤ دا دەوور دەگێرێ و کەسیش ناتوانێ وازی لێ بێنێ. واتە لە ژیانی رۆژانەمان دا چێشت نیە کە دایکمان لێی بنێت و خوێی تێ نەکا. لەشی مرۆڤ لە رۆژێکدا پێویستی بە ٢٠٠ میلی گرام خوێ هەیە، کە ئەو برەش زۆر بە ئاسانی لە رێگای ئەو خواردنانەی رۆژانە دەیانخۆین دابین دەبێت و ئیتر پێویست بەوە ناکا خوێ بە خواردنەکانمان دا بکەین بە سوێری بیانخۆین، چونکە چل لە سەدی کێشی خوێ ماددەی سۆدیۆمە (Na) کە دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی پەستانی خوێنی (فشار خوێن) مرۆڤ کە نەخۆشی یەکی گەلێک مەترسیدارە، بۆ ئەوەی تووشی ئەو نەخۆشی یە نەبین کە یەکێک لە هۆکارەکانی تووش بوونی خواردنی خوێی زۆرە، کەمتر لەو خواردنانەی کە خوێی زۆریان پێ دەکرێت و سوێرن کەڵک وەربگرن. کاتێک کە تەمەن دەچێتە سەری ئەم جۆرە نەخۆشی یانە وەدیار دەکەون و رەنگە تا تەمەنتان لە خوارێ بێ هەستی پێ نەکەن، بەڵام ئەو کاتەی کە تەمەنتان لە ٤٠ ساڵی بەرەو سەر چوو ئیتر نیشانەکانی بەرز بوونەوەی پەستانی خوێن بەرە بەرە دەر دەکەون.

منداڵە ئازیزەکان:

کرداری پاراستنی ئاستی ئاسایی خوێ لە لەش دا لە ئەستۆی گورچیلەکانە. کاتێ ئاستی سۆدیۆم لە رێژەی پێویست تێ دەپەرێ، گورچیلەکان لەگەڵ میزدا فرێی دەدەنە دەرەوە و ئەو کاتەش کە لەش پێویستی بە سۆدیۆم بوو دووبارە گورچیلەکان خوێی پێویست هەڵ دەمژنەوەو دەیدەنەوە بە خوێن. کە واتە ئەگەر رێژەی سۆدیۆم بە هۆی خواردنی زۆری خوێ وەلە لەش دا زۆر چووە سەرێ دەبێتە هۆی شێواندنی کاری گورچیلەکان و مانەوەی سۆدیۆمی زیادە لە خوێ دا کە لە ئاکام دا قەبارەی ئاو لە خوێن دا زیاد دەکات و پەستانی خوێن بەرز دەبێتەوە، هەروەها زۆر جار زیاد بوونی خوێ لە خوێن دا دەبێتە هۆی هەڵمسانی شانەکان و لە ئاکام دا ئەستوور بوونی لەش. کە مرۆڤ پێی وایە قەڵەو بووە بەڵام ئەو حاڵەتە بە هۆی ئاوەوەیە نەک زۆری چەوری و بەز.

کە واتە منداڵە چاو گەشەکان: بۆ ئەوەی تەمەنێکی زۆرتان بێ و دوور بن لە نەخۆشی یەکانی دڵ بە گشتی، هەر لە ئێستاوە لە خواردنی زۆری خوێ و خواردنە سوێرەکان خۆ بە دوور بگرن و خۆتان بە کەم خوێ خواردن رابێنن، هەروەها دایک و باوک و گەورەکانیشتان لە مەترسی یەکانی خوێ و زۆر بە کار هێنانی ئاگادار بکەنەوە، بە تایبەت ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی بەرز بوونەوەی پەستانی خوێن بوون واتە فشار خوێنیان هەیە. هەروەها یەکێکی دیکە لە زیانەکانی زۆر خواردنی خوێ ئەگەری تووش بوون بە شێرپەنجەی سوورێنچک و میزەڵدانە، بۆیە خۆتانی لێ بە دوور بگرن تا زیاتر بژین.

ن: سید جەلال ساڵحی




# جیاوازییەکانی نێوان ئەم وێنانە ببیننەوە



# پێشکەشە بە دنیای منداڵان





# ئایا دەزانن؟



ئایا دەزانن؟

کە مێش هەنگوین ٥ چاوی هەیە، کە دوویان لە تەنیشتی سەری و سێ یان لە بان سەریەوەیە.



ئایا دەزانن؟

کە فەقەت تەپۆی مێ دەگەزێت و لە پرۆتئینی ئەو خوێنە کە هەڵیدەمژێت بۆ هێلکە کردن کەڵک وەردەگرێت.



ئایا دەزانن؟

کە جۆرە ماسی یەک هەیە کە دەتوانێت بە یارمەتی باڵەکانی ٩٠ چرکە لە ئاسمان بفرێت و بەو جۆرە نێچیرەکەی راو بکات.





ئایا دەزانن؟

مار گوێی نییە و بە زمانی دەبیسێت.



ئایا دەزانن؟

١١ لە ١٠٠ خەڵکی جیهان چەپ دەستن.



ئایا دەزانن؟

درێژی ڕەگەکانی لەشی مرۆڤ ٥٦٠٠٠٠ هەزار کیلۆمێترە.

## ئایا دەزانن ساڵی کەبیسە چییە؟

جوابی ئەوە زۆر ئاسانە، ساڵێک ٣٦٥ رۆژو ٦ سەعاتە. واتە زەوی پێویستی بەو ماوەیە هەیە بۆ ئەوەی بە دەوری خۆردا بسووڕێتەوە.
لە رۆژانی زۆر کۆن دا خەڵک گرینگییان بەو ٦ سەعاتە نەداوە، واتە ساڵێکیان بە ٣٦٥ رۆژ حیساب کردووە، وە ئەو کارە بووە هۆی ئەوەی کە تەحویلی ساڵی تازە بگۆڕدرێت.
واتە بۆ ئێمەی کورد کە مانگی خاکەلێوە(نەورۆز) یەکەم مانگی بەهار و دەست پێکردنی ساڵی تازە بوو، کەم کەم دوای چەند ساڵان دەست پێکردنی ساڵی تازە هاتە پێش بۆ زستان و دواتر بۆ هاوین.
هەر بۆیە خەڵک فێر بوون کە دەبێ ئەو ٦ سەعاتە لە رۆژژمێری خۆیان دا حیساب بکەن. بۆیە هەر ٤ ساڵ کە دەگوزەرا ئەو ٦ سەعاتەیان پێکەوە کۆ دەکردەوە دەبوو بە رۆژێکی تەواو واتە ٢٤ سەعات.
لە بەر ئەوەی مانگی رەشەمە لە رۆژژمێری هەتاوی دا ٢٩ رۆژە هەر ٤ ساڵ یەک جار رۆژێک زیاد دەکات و رۆژەکانی ساڵ لە جیات ٣٦٥ رۆژ دەبێتە ٣٦٦ رۆژ، وە بەو ساڵە دەڵێن ساڵی کەبیسە.
کەبیسە یانی گەورە، واتە ساڵێک کە ژمارەی رۆژەکانی لە ساڵەکانی تر زۆرتر بێت.
هەر چوار ساڵ یەک جار ساڵی کەبیسە دەبێت.
سوودی ساڵی کەبیسە ئەوەیە کە دبێتە هۆی ئەوەی لە کاتێکی دیاریکراودا ساڵ تازە ببێتەوە، کە بۆ ئێمەی کورد مانگی خاکەلێوە( نەورۆز)ە.

ئا: باران

## گەورەکان گوێم لێ ناگرن

کورە بچکۆلەکە وتی: من هێندێک جار کەوچکەکەم لە دەست دەکەوێتە خوارەوە.
پیاوە پیرەکەش وتی: منیش.
کورە بچکۆلەکە وتی: من لیباسەکانم تەڕ دەکەم.
پیاوە پیرەکەش وتی: منیش.
کورە بچکۆلەکە وتی: من زۆر دەگریم.
پیاوە پیرەکەش وتی: منیش.
بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو کە
کورە بچکۆلەکە وتی: گەورەکان گوێم لێ ناگرن.
کورە بچکۆلەکە هەستی کرد دەستێکی چرچ و لۆچ دەستەکانی گەرم دەکاتەوە.

«دەزانم چ هەستێکت هەیە، دەزانم».



هانا وریا

# (پوورە مشکەی پاك و خاوێن)

هەبوو نەبوو کەس لە خودا گەورەتر نەبوو. ڕۆژەکانی کۆتایی هاوین بوون، دوارۆژەکانی وەرزی گەرما. پوورە مشکە لەبیر چ دابوو؟ ئاسوودەیی منداڵەکان. پوورە مشکە دایکێکی دڵسۆز بوو. زەحمەتکێش و بەسۆز بوو. کارەکەی خاوێن کردنەوەی ماڵ و دروومان بوو. هەموو شتێکی لەسەر جێی خۆی دادەنا. لە پشت ماڵەکەیدا بۆ ڕۆژانی سارد و سەرما پوش و پڵاشی کۆ دەکردەوە. نازانن بە چ زەحمەتێک ئەو پوش و پڵاشانەی کۆ کردبۆوە. منداڵەکانی پوورە مشکە زۆر عەجول بوون. حەزیان دەکرد کاتێک لە پشت ماڵە بچوکەکەیان یاری دەکەن شتێک لەبەر دەست و لاقیان نەبێ بە ئاسانی هەڵێن، بازدەن و بەسەر دارو دیواردا سەرکەون. هەربۆیەش هەمیشە بۆڵە بۆڵیان بەسەر پوورە مشکە دا دەکرد.بەتایبەتی مشکەخان کە لە هەموویان بچوکتر بوو . ئەداو ئەتواریشی لە هەموویان زیاتر بوو. جارێک دەیگوت: «ئەو دڕک و پووش و پڵاشانە زبڵ و بێ سوودن، دەبێ هەموویان فڕێ دەینە دەرێ». یا دەیگوت: «ئێستا کوا بەفر و باران؟ کوا سەرما و سۆڵیی زستان؟». منداڵەکان ئەوەندەیان پرتە و بۆڵە کردتا وای لێهات پوورە مشکە تووڕە بوو. هەموو ئەو پوش و پڵاشانەی کۆکردەوە.

دوایەش هیچ قسەیەکی لەم بارەیەوە نەکرد. ڕۆژ دەگوزەرا و هاوین خەریک بوو تێپەڕی دەکرد کزە بای پاسزی هەڵی کردبوو و بای و



بارانی لەگەڵ خۆی دە هێنا. پوورە مشکە دەیزانی کە وردە وردە منداڵەکان دەبێ لە ژوورەوە یاری بکەن چوونە دەرەوە کەم بکەنەوە. بۆیە بیرێکی چاکی کردەوە، بەیانی کاتێک لە خەو هەستا کەلو پەلی یاریی منداڵەکانی لە نێو سەبەتێک خست، نان و پەنیرشی هەڵگرت. ئەوکات بە منداڵەکانی گوت: «ئەمرۆ بۆ جێگایەکی زۆر جوان و دڵگیر دەڕۆین، میوانی کێو و دەشت و دارستان و ڕووبار دەبین». منداڵەکان پوورە مشکەیان تێر تێر ماچ کرد. هەر بۆخۆشیان سەبەتە قورسەکەیان هەڵگرت. کاتێ گەیشتنە لای ڕووبار یەکسەر منداڵەکان دەستیان کرد بە یاری کردن. بە دڵخۆشی بە دوای یەکتری دەکەوتن. لە نێو چیمەن و گژوگیا یارییان دەکرد.

نزیک نیوەڕۆ هێشتا دەنگی پێکەنینی بێچووە مشکەکان دەهات. مشکە خانی عەجول لەسەر بەردێکی لوس خلیسکێنەی دەکرد لە لای ڕووبارەکە لەسەر ئەو بەردە بازیدەدایە سەر بەردێکی تر. پوورە مشکەش بابۆڵەی نان و پەنیری بۆ منداڵەکان دروست دەکرد. کە لەناکاو گوێی لە هاوارێک بوو. مشکەخان کەوتبووە نێو ئاوەکەوە و خەریک بوو دەخنکا هاواری لە دایکی دەکرد. پوورە مشکە بابۆڵە نان و پەنیرەکەی جێ هێشت و خۆی خستە نێو ئاوەکەوە بەهەر هەوڵ و تەقەلایەک بوو ئەوی لەناو ئاوەکە دەرهێنا. چ حاڵێکی خراپی بوو. چیرۆکەکەی بمێنێ تەنیا خوا دەزانێ. ئەو ڕۆژە هەموویان دڵناخۆش بوون . هاتنەوە بۆ ماڵێ هەریەکەیان لە گۆشەیەکی ماڵەکە دانیشتن. پوورە مشکە بە منداڵەکانی گوت: «ئێستا کاتی دانیشتن نییە، خێراکەن بڕۆن دڕک و پوش و پڵاش کۆکەنەوە. دەبێ ماڵەکەمان گەرم بێ و ئاش لێ نێین و بە مشکەخانی بدەین تاکو ئێسکە سەرما بردووەکانی گەرم ببنەوە». منداڵەکان ئەو دارە وشکەڵاتوانەی پشت ماڵەکەیان وەبیر هاتەوە خێرا ڕۆیشتن تاکوو شتێکیان دەست بکەوێ کەچی یەک داری وشکیشی لێ نەمابوو. ناچار ڕۆیشتن هەموو دەور و بەری ماڵەکە گەڕان نزیک ئێوارێ کاتێ هەوا ساردی کرد وباران دای دا تەڕ و برسی بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە. چیان دیت؟ سۆپای گەرم داگیرسابوو ئاشی کوڵاو لەسەر ئاگر بوو. مشکە خانیش لەنێو تەختی خەودا پرخە پرخی دەهات. پوورە مشکە دڵسۆز و میهرەبان پێکەنی و منداڵەکانی لەباوەش گرت و ماچی کردن. دواییش ئاشی گەرمی بۆ هەموویان تێکرد. چەندە ئاشێکی خۆشە هەرکەس نەیخوا نەخۆشە.کاتێ مشکەکان ئاشیان خوارد پوورە مشکە گوتی: «هەر ئەو دارو دڕک و پوش و پڵاشانە بووکە دەتانوت زبڵن و تایبەت بە فڕێدانن ئەمڕۆ ئێمەیان ڕزگار کرد. ئاشەکەی کوڵاند و لانەکەمانی گەرم داهێنا و مشکەخانیشی خەواند. ئیتر هیچ کات نابێ شتە بچوکەکان بەکەم بگرین». منداڵەکان شەرمەزار بوون و سەریان داخست چونکە وەڵامێکیان پێ نەبوو .

نووسینی:مهری ماهوتی
لە فارسییەوە: ترێ بۆکانی

# دەرە شار

یەکێک لە شارستانەکانی پارێزگای ئیلامی سەر بە رۆژهەڵاتی کوردستانە. کە دەکەوێتە ١٢٠ کیلۆمیتری باشووری رۆژهەڵاتی شاری ئیلام. دەرە شار لە باری هەڵکەوتەی جوغرافیایی یەوە لە باشوورەوە لەگەڵ شارستانی ئاودانان و لە رۆژئاواوە لەگەڵ شارستانەکانی مێهران و دێلوڕان و لە باکوورەوە لە گەڵ ئیلام و شێروان چەرداوڵ لە رۆژهەڵاتەوە لە گەڵ لۆڕستان سنووری هاوبەشی هەیە.

رووبەری جوغرافیایی شارستانی دەرەشار ١٥٠٠ کیلۆمیتری چوارگۆشەیە. شارستانی دەرەشار لە سێ بەخشی بەدرەو بەخشی ماژین و بەخشی مەرکەزی دەرەشار پێک هاتووە. بە پێی ئامارەکان شارستانی دەرەشار نزیک بە ٧٠٠٠٠ هەزار کەس حەشیمەتی هەیە، کە بە سێ زاراوەی شیرینی لەکی، لۆڕی و کەڵهوڕی قسە دەکەن و هەموو خەڵکەکەی موسڵمانی شیعە مەزهەبن. شاری کۆن و مێژوویی سەیمەرە ( ماداکتۆ) پێتەختی حکوومەتی ئیلامیەکان بە پێشینەی ٤٥٠٠ ساڵەوە کە لە هێرشی حکوومەتی ئاشوورییەکان بۆ سەر ئیلامیەکان لە ساڵی ٦٤٠ پێش زایین وێران کرا دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای شاری دەرەشار، کە هەر ئێستاش ئاسەوارەکانی ئەم شارە کۆنە وەک یەکێک لە هەرەبەنرخترین جێگاکانی ئاسەوار ناسی دەناسرێتەوە. دەرەشار بە هۆی نزیک بوونی لە گەورە کەژ ( کەبیر کوە) و لە چۆمەکانی سەیمەرە و چۆمی دەرە شار و چۆمی سیکان



ئاووهەوایەکی خۆشی هەیە. زۆرینەی خەڵکی شارستانی دەرەشار بە هۆی پڕپیت و بەرەکەت بوونی زەوی یە کشتووکاڵییەکان و باخەکانی یەوە بە کاری کشتووکاڵ باخداری سەرقاڵن.

لە زەوی یە کشتووکاڵی یەکانی ئەم ناوچەیە ساڵانە رێژەیەکی بەرچاو گەنم و جۆ و برنج بەرهەم دەهێنرێت و وە هەروەها لە باخەکانیشی و بە تایبەت باخەکانی بەخشی بەدرە ساڵانە بە ڕێژەیەکی زۆر میوە بەرهەم دەهێنرێت. چەندین ئاسەواری مێژوویی و شوێنەواری کۆن وەک پردی گاومیشان، چوارتاقی، تەنگەی بەهرام چووبین، شاری مێژوویی سەیمەرە( ماداکتۆ)، پردی چەم نەشت، قەڵای هەزار دەرگا، قەڵای شێخ مەکان و قەڵای هاشم ئاوا، لەم ناوچەیە بوونیان هەیە وهەروەها بوونی چەندین جێگای سرووشتی وەک گەورە کەژ( کبیر کوە) چۆمی سیکان و چۆمی سەیمەرە و چۆمی دەرە شار و دارستانە سرووشتی یەکانی ئەم ناوچەیە جوانی یەکی بێ وێنەی بەم ناوچەیە داوە.

ئا: کانی وایان





# وێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵان دا





کانی ئەمجەدیان



بێگەرد، ئەوین



فەرانەک تۆبەکار



پەریناز تۆبەکار



ساریا عارفی



موژگان قازی



سورکێو ڕەحیمی



سامان ڕەحیمی



سنوور ڕەحیمی